کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 12:36 4-2-2007

## ئەی رەقیب و دەسەڵاتی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق ... هێمن میرانی

دوای ئەوەی لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوکرایەوە کە بەرێزان هەڵکەوت زاهیر راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری هونەری و شێرکۆ بێکەس ی شاعیری گەلەکەمان نیازی گۆڕینی سروودی نەتەوەیی (ئەی رەقیب) یان هەیە و نمونەی شیعرێکی شێرکۆ بە ناوی کوردستان بە ئاوازی هەڵکەوت زاهیر بڵاو کرایەوە و منیش لە یەکێك لە ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت گوێم لێیبوو، ئەم پرۆژەیە هەر زوو نارەزایی لە دژ لە نێو جەماوەر و ناوەندە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و تەنانەت پارتە سیاسیەکانیش دروست بوو، دەست کرا بە واژوو کۆکردنەوە و وتار نوسین و دژایەتی کردنی ئەو پرۆژەیە، سەیر ئەوەبوو لە دوای سەردانەکەی بۆ بەغدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نێو پەرلەمانی کوردستان و بە بەرچاوی دەزگاکانی راگەیاندن بێ ئاگایی خۆی لەو هەوڵە پیشاندا و ئەو کات بە سووکە وەڵامێك پیشانی دا کە ئەو پرۆژەی وا پەسند ناکات، زووتریش بەرێز کاك فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری بێ ئاگایی خۆی وەك ناوەندی پەیوەنددار بە پرسەکە دەربڕی و ئامادەیی دەست لە کارکێشانەوەی لە وەزارەتەکەی پیشاندا گەر ئەو هەوڵە سەر بگرێت، قسەم لە سەر ئەوەنیە چەندە ئەی رەقیب لە گەڵ واقیعی ئێستای کوردستان و داخوازی لایەنە ئیسلامی و مەسیحی و تورکمان و بەرێزەکانی دیکە دەگونجێت کە حەزیان بە گوڕینی ئەی رەقیب بوو، ئەوەش نا کە چەندە ئەو تێکستەی شێرکۆ بێکەس دایناوە گونجاوە و دەشێ یان نا، چونکە ئەوە کاری من نیە و لێشی نازانم، بەڵام ئەوەی راستیە لەم نێوەندە بوونی ئەو پەیوەندیە رۆحیەیە کە هەر تاکێکی کورد لەم سەری دونیا بۆ ئەو سەری، لەم لەهجە و زاراوە بۆ ئەوی تر، لە کرماشانەوە بۆ دیاربەکرو لەوێش بۆ قامیشلی و زاخۆ و هەورامان و دەشتی قەراج.... هتد بە سروودی (ئەی رەقیب) دەیان بەستێتەوە، ئەو سروودە و ئاڵای کوردستان و نەورۆز هەموو تاکەکانی کورد و پارچەکانی کوردستان یەك دەخەن، چۆن ئێمە ئەو مافە بە خۆمان دەدەین لە جیاتی چل و پێنج هاوڵاتی کورد دەست لە یەکێك لە پیرۆزیەکانی فەرهەنگی کوردی بدەین، ئەی رەقیب سروودی کۆماری کوردستانە و تا نوکەش لە گەڵ بیستنی هەموو کورد زوبانێك موچڕکەی بە لەش دادێت، بە دیدی من لە دەسەڵاتی هیچ کام لە دامەزراوەکانی کوردستان نیە سروودی (ئەی رەقیب) بگۆڕن، چونکە ئەمە سروودی میللەتێکی چوار پارچەکراوە و جگە لەو چوار پارچەیە لە هەموو دونیاش کوردزمانان بە هی خۆیانی دەزانن و سەری بۆ دادەگرن، بە گوێرەی پرۆژەی دەستوری کوردستان دەتوانرێت بە یاسا مارشی نیشتیمانی دابنرێت، بەڵام نەك گۆڕینی مارشی (ئەی رەقیب) لە جیاتی پارچە و هاوڵاتیانی دیکەی کوردستان کە بە هەر هۆیەك بێت ئێستا لە ژێر ئیدارەی حکومەتی کوردستان ژیان ناکەن،ئەگەر مەبەستی ئەو بەرێزانەش هەر ئەوە بێت مارشێکی نیشتیمانی تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان – عێراق دابنێن کە دەستور ئەمەی رێگە داوە، ئەمەش بۆ قۆناغی ئێستامان نە پێویستە و نە شیاوە، چونکە لە کوردی پارچەکانی دیکە و هەندەران جیامان دەکاتەوە و واش دەکات نەوەکانی داهاتوو (ئەی رەقیب) نەناسن، چونکە سروودی تازە لە قوتابخانە و دامەزراوە رەسمیەکان دەخوێندرێ و نەوەی تازەش بەوەی باوە ئاشنا دەبێت، بۆیە وێرای ئەوەی کارێکی دەستوری و مەعقول نیە و لە دەسەڵاتی هیچ کام دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێمیش نیە ئەو کارە بکەن، چونکە ئەو کاتەی دەوڵەتی کوردستان هاتە دامەزراندن کە هەموو کوردێك بە جیاوازی شار و لەهجە و شوێنی دانیشتنی بە هی خۆی زانی و دەنگی بە پەرلەمانێکی دەوڵەتی کوردستان دا ئەو کات مەعقولترە بیر لە کاری وا بکرێتەوە، ئەو کاتیش رێو شوێنی خۆی هەیە، نەك تەنیا دوو کەس و وا بە ئاسانیش هەڵبەست و ئاواز هەڵبژێردرێ، بۆیەشە دەبینین دەنگی میللەتیش لە گەڵ ئەوەیە لە (ئەی رەقیب) زیاتر بۆ ئێستا ناشێ ببێتە سروودی نیشتیمانی و نەتەوەیی و بە موچڕکەوە بچڕدرێ، بە خۆشحاڵیشەوە لە دواین لێدوانی سەرۆك موسعود بارزانی کە لە 1-2-2007 راگەیەندرا ئەو پرسە یەك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لا کرایەوە و پرۆژەی گۆڕینی (ئەی ڕەقیب) ڕەفزێکی ئاساییشی وەرنەگرت، بەڵکو لە گەڵ ڕەتکردنەوەی ئەو دەنگۆیانە ئەوەشی هۆشداری دا کە هەرکەسێك ئەو پرسە بوروژێنتەوە دووچاری لێپرسینەوە دێت و لە لێدوانەکە (ئەی ڕەقیب) بە بەشێك لە فەرهەنگی میللەتەکەمان وەسف کراو داوا لە پەرلەمانی کوردستان کرا کە بیکاتە یاسا بۆ ئەوەی کەس زەفەر بە گۆڕینی نەبات، ئەوە پرسەکەی یەکلا کردەوە کە (ئەی ڕەقیب) هەر بە مارشی نیشتیمانی کوردستان دەمێنێتەوە.

merany@rojev. org

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.